# پیتە سووتاوەکانی دیوانی ئەنفال

حەمە ئەحمەد جاف

لە لوزەوی چۆڕاوگەی فرمێسک و زاما
زمانی مەلۆتکەی رقی پیرۆز و...
کۆرپەی خوێن و ڕاسان ئەپژێ!!!؟
ئەمشەو لە داوەتی ئێوە و...
ڕەشبەڵەکی هەناسە وەریوەکانا
نیشتمانێک ژان ئەیگرێ و...
دایکێک خۆی ئەگرێتە خم!!؟
ئەمشەو نانووم... لەگەڵ تۆدا...
دەبمە لەرەی گوارەی گوێچکەی:...
ئەو کچۆڵەی پاشکۆی ئیڤاکانی ئەنفال...
ڕای ئەژەنێ!!!؟
لەگەڵ تۆدا...
دەبمە مێخەکبەنی ملی ئەو کناچەی :...
بۆنی ناخۆشی زیندان و...
سەردابەکانی وڵاتمی هەڵمژیووە!!؟

-ئەمشەو نانووم .... لەگەڵ ئەودا...
پاشکۆی زیلێک وەنەوزی مەرگم پێ ئەدا !!؟
-ئەمشەو نانووم... لەگەڵتانا...
دەبمە مەمکە مژەی دەمی ئەو ساوایەی:...
نیشتمانی مەمکی دایکی لێ ون بووە!!؟
لەگەڵتانا....
لەگەڵ زامی سارێژ نەبووی برینتانا...
لەگەڵ قەندیلی خەمتانا...
سەرئەخەمە، سەر لەپی دەستی وەنەوز و...
بەدەربەنی هەردوو ئەژنۆما ئەچمە خوار!!؟
لەوێ لە دەروازەی زاما...
ئێشکی قەڵای سەختی خەمی ئاودامانی:...
مێژووی مەرگ و
جوگرافیای ژیانتان ئەگرم!!؟
ـــ لەگەڵتان...
گەرووی تەسکی سەردابەکان...
زێراب و بەندیخانەکان...
بیابانەکانی سەماوە و عەرعەر و... تکرێت
تەی ئەکەم!!؟
نانووم... تا ئەتاندۆزمەوە!!؟
ـــ ئەمشەو نانووم...
لەگەڵتانا... هەنگاوی زێ !!
+ هەنگاوی شاخ وشار و دێ!!
+ هەنگاوی ماندووی هەوراز و...
لوتکە و بنار و رێچکە رێ :....
ئەخەمەرێ !!؟
ـــ ئەو رێیەی:...
شتاقمان... نازانین بۆ کوێمان ئەبا !!؟
ـــ ئا... ئەمشەو...
لەگەڵتانا.... رێ دائەگرم!!؟
لەگەڵتانا... هێور... هێور....
بەنێوشەقامی شەوانی تەنیایی سەرداب و زیندانەکانی
ئەنفالی سەختا...ڕائەبرم!!؟

لەگەڵتانا...
بەگەرووی تەسکی فرمێسکا شۆڕ ئەبمەوە و...
لە ئێسکە پەیکەری جەستەی پیرۆزتان ڕائەمێنم!!
+ ئێسک و پروسکی سەد و هەشتا و دوو هەزار
پەپوولە!!
+ ئیکە پەیکەری پیتەسووتاوەکانی سوڕەتی ئەنفال!
+ هەشت هەزار گوڵی سوور!
+ پێنج هەزار دڵی سپی!
+ نیشتمانێ لە برین
+ وڵاتی لە بەفر!!؟
ـــ ئەمشەو نانووم...
لەگەڵتانا...
بەدیوانی نەمریتانا... ئەچمەوە!!؟
نانووم... تاچیرۆکی سەد و هەشتا و دوو هەزار پیتی
سووتاوی:...
دیوانی ئەنفال و (مەسەلەی ویژدان)ی شارێ...
نەخوێنمەوە....!!؟
ـــ نانووم... منی کوانوو...
+ کوانوو لە ئاگر وپشکۆ
دێم و دێم و ... لەگەڵتانا...
کەرکووکێ... ئەکەمە (دڵ)
+ دڵێک لەتۆ..
+ تۆیەک لە گڕ و گڵپە و ڕقی پیرۆز
ـــ ئەمشەو نانووم...
لەتەکتانا... دەبمە لاولاو
دەروێمەوە !!؟
بەباڵای وەک ئاڵاتانا....
لوول ئەخۆم و....
لەگەڵ فرمێسکی وەنەوشە و...
بزەی بەفر و خوێنی خۆرا ئەتوێمەوە !!؟
ـــ نانووم.... ئەمشەو... لەگەڵتانا...
+ (کوردستان) ئەکەمە بێشکەی:...
دیوانی سووتاوی ئەنفال !!؟

+ (هەڵەبجە) ئەکەمە مێژووی،...
ژیان و ئەوین و مەرگی تاڵ !!؟
+ (قەڵادزێ) ئەکەمە زانکۆ:...
زانکۆیەک لە سنەوبەرستان !!؟
سنەوبەرستانێکی زەرد و قژ ژاکاو !!
ــ ئەمشەو... نانووم...
تا لە زێی گەورە و بچووکی ئەشک و خەمی دووئاوان
و زەڵمی برینتانا...
لوێچی ئاوی:...
لۆچی تەوێڵە سپیەکانی ئەنفال و قەڵادزێ و...
هەڵەبجەی زامەکانم نەخۆمەوە !!؟
ــ نانووم... هەتا... لەگەڵتانا..
ڕووە و حەمرینی هەناسە و...
کەرکووکی دڵ... نەڕۆمەوە !!؟
ــ ئەمشەو.. خواتان...
+ خوداتان... ئەمشەو... لەپرخەی سەد و هەشتا و
دووهەزار هەناسەی هەڵوەڕیوو
+هاوار و نێڵەی پێنج هەزار ڕۆحی سپی فریشتەیی
و...
+ جریوەی هەشت هەزار ئەستێرەی کشاو..
ڕاچەنیووم !!؟
ــ ئەمشەو نانووم... لەگەڵتانا...
لەگەڵ کۆچی ئەستێرە و
زەنگی کەنیسەی خەمەکانتان
لەخەوڕابووم و...
لێرەوە لەگەڵ زەردە خەنەی:....
هەنیسکی گەرووی هەتاودا
دەردەکەوم و...
لەوێ... قفڵ و زنجیری زیندانی و...
سەردابە تاریکەکانی ئەم وڵاتە
تێکدەشکێنم و...
بەسیایی...
دەرگاکان دەخەمە سەر گازەرای پشت و...

نانووم... ئێشکی ئەشکم ئەگرم!!؟
ئەمشەو نانووم...
تا لە کوانووی چاوەڕوانی گۆدۆکانی بەرنیاری:...
قەندیلی سپی خەمەکانما نەتوێمەوە !!؟
ــ نانووم...
تا لە گۆلی مشتی خەنجەرێکی هەڵکێشراوا !!
ڕق نەمگرێ !!؟

دەنگ:
ــ دەوەرە... ئەی پەیکی شارەزای شەوانی
تەنیایی؛...
دیوانی پیتە سووتاوەکانی ئەنفالی سپی بەفر و...
ئەنفالی ڕەشی گزنگی خۆر و مانگەشە و
ــ دەوەرە..... ئەی ڕۆحی فریشتەیی جاویدانی،
خەزان و... پایزی هەناسە وەریوەکانی:...
ئەم وڵاتە سوتماک و بەسۆیە !!؟
ــ وەرە... گەردەتەوێ...
سۆراخم بزانی !!
لەکوێوە دێی... وەرە... لەوێم !!؟
گەریش دەتەوێ دیدارم کەی و...
لەگەڵ خۆتا..
ئێسک و پروسکی کوڕ و گیژ و پیرەەکەنەفتەکانی
مەفتەن و...
ئێسکە پەیکەری مەمکە مژە و شووشە شیری
مناڵانم...
بەریتەوە.
وەرە لێرەوە...
لە بیابانەکانی تکریت و سەماوە و عەرعەرەوە:...
....وەرە !!
وەرە... لەوێ... بیابانەکان بکێڵە
سەردابەکان هەڵدەرەوە
زێرابەکان... جۆماڵکە... لەوێم !!؟
ئەمدۆزیەوە !!؟

ـــ ئەمشەو... نانووم...
تا ئەتاندۆزمەوە !!؟
لەگەڵتانا...
ـــ رۆژ ژمێری چەقۆکانی ئەم رۆژگارە:...
پەڕ پەڕ ئەکەم و....
+ سەرابی شەقامەکانی ئەنفالی سپێدە و...
+ شلێت و شۆی بیابانەکان...
لە کانی چلوانی خەم و سەوزیی ئەوینما...
ئەشۆمەوە !!؟
ـــ ئەمشەو... نانووم..
ـــ لەگەڵتانا...
+ لەگەڵ کڵپەی باوەگوڕگوڕی هەنیسک و زامی
ئەنفالی بەفرا...
+ لەگەڵ مەشخەڵی نەورۆزی کەڤرا...
+ لەگەڵ راسان و ڕابوونی ئەحمەد ئاغا و ئیمام قاسم
و...
مەلا عەوڵڵا و ڕەحیم ئاوادا...
+بەرەو کەلاوە قژ خۆڵاوییەکانی شۆریجە و...
+ کوختە قوڕینە داڕوخاوەکانی قەڵای مێژووی شار
و...
+ بازاڕە زڵینەکانی کەرکووکی زێڕ و...
گەرمیانی تاسە و...
نیشتمانی خوێن و بەفر وکرێوە...
دەگەڕێمەوە !!؟
×ئەوسا.... لەوێ....
یەک... یەک
بووکەشووشەی مناڵە بێناز و بێباوانەکان ئەگرم
بەسنگمەوە !!
ناسنامە ژەنگنەکانتان:..
ئەو ناسنامانەی:...
بۆنی خاک و خۆڵی:..
بیلبانەکانی تەمەنی (عۆجە) یان لێدێ !!؟
دەکەم بە مێژووی سپی...

ئەنفالێکی ڕەش !!؟
×جالەوێوە... بەسەر باڵی هەڵۆوە...
ـــ سەد و هەشتا و دوو هەزار نەمامی گوڵ
ـــ پێنج هەزار پەپولەی سپی سووتاو
ـــ هەشت هەزار هەناسەی وەریو و...
ـــ قەلادزێیەک زانکۆی سەربڕاو
ـــ چاوی کەرکوک و...
پەنجا و هەشت فرمێسکی قەتیسماو....
"لوێچی ئازادی"
ئەکەمە دیاری:..
ولاتێ لە بەفرو...
وارێ لە گڕ و ڕقی پیرۆز
×جا ئەوسا بە ئارامی....
لە گلێنەی چاوی سەوزی پیرەدار بەڕوو سنەوبەری:
بالاچناری ئالامدا...
پێلۆوی وەنەوزی خەواڵووم
لێک ئەنێم و...
لەسای شیبای نەرمی هەناسە و...
ئامێزی گەرمی شەبەنگی هەتاوا....
ئەنووم !!؟
١٤نیسانی /٢٠٠٦
هەولێر- کوردستان